٢٠٢٣

**Vision Foundation**
for Strategic Studies

# هەواڵنامەی وەرزی زستان


زستانی ٢٠٢٦
١ی کانوونی دووەم – ٣١ی ئازار
SLEMANI

# پەیامێک
## لە دامەزراوەی ڤیژنەوە

لە دیدگاوە بۆ کاریگەری:سەرەتایەکی نوێ

بە خۆشحاڵییەوە دەستپێکی قۆناغێکی نوێی کارکردنمان ڕادەگەیەنین. لە ماوەیەکی کەمدا دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، بە کۆمەڵێک چالاکی و توێژینەوەی گرنگ، هەنگاوی گەورەی ناوە. ئەم دەستکەوتانە ڕەنگدانەوەی ویست و ستراتیجێکی قووڵن بۆ خزمەتکردنی پێداویستییەکانی کۆمەڵگە و وەڵامدانەوەی داخوازییەکانی.

کارەکانمان کردووە بە دوو ئاراستەی سەرەکی: یەکەم، بەهێزکردنی تواناکانی ئەو ناوچانەی کاری تێدا دەکەین و دووەم کە ئامانجی سەرەکیمان بووە ئەویش بریتییە لە دروستکردنی کاریگەرییەکی درێژخایەن و بەردەوام لەڕێگەی ئەنجامدانی چەندین توێژینەوە و پۆلیسی پەیپەر و گفتوگۆ ودیالۆگ.

**عەدنان عوسمان**
سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن









# دیدگا و پەیامی
## ئێمە

دیدگا و پەیامی ئێمە : بنەمای گەشەپێدان

دامەزراوەی ڤیژن، وەک ناوەندێکی پێشەنگ لە بواری بیر و لێکۆڵینەوەی ستراتیجیدا، لەسەر بنەمای گەشەپێدان و بەهێزکردنی تواناکانی کۆمەڵگە دامەزراوە. پەیامەکەمان ڕوونە؛ بەشداریکردنی چالاکانە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و پەرەپێدانی چاکسازی لە دامەزراوە و سێکتەرە جیاوازەکاندا. تیشکی کارکردنمان لەسەر ئەو پرسانەیە کە دەبنە مایەی دروستبوونی دەسەڵاتێکی خزمەتگوزار و مۆدێرن، کە وەڵامی پێداویستییەکانی هاوڵاتییان بداتەوە و ئایندەیەکی باشتر بنیات بنێت.

## ئامانجەکانی داهاتوومان



کار لەسەر بەهێزکردنی گفتوگۆی سیاسی و حکومڕانی ناوچەکە و هەرێم بەگشتی دەکەین، لەپاڵ هەوڵەکانی دامەزراوەکانی تر، دەمانەوێت ڕۆڵمان هەبێت لە گەشەپێدان وچارەسەری گونجاو و سەردەمییانە بۆ هەموو ئەو ئاڵنگارییانەی ڕووبەڕووی ناوچەکە و کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە. لەهەمانکاتدا، پێویستە لەوەتێبگەین لە ئێستادا ئێمە بەشێکین لە تەونی سیاسی، دیبلۆماسی و ئابووری عێراق، دەبێت ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن بە ئاراستەی بەهێزکردنی هەرێمەکەمان ودامودەزگاکان و برەودان بە گەشەسەندن، وەبەرهێنان و بووژانەوە ببەین. بەرزکردنەوەی ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە بەهێزکردنی تواناکانی ئێرە و نەخشیان لە دیاریکردنی ئایندەدا.

## هەنگاوەکانمان



- بەشداری چالاکانەی کۆمەڵی مەدەنی: لە دارشتن و هەماهەنگیکردنی سیاسەتە ستراتیجییە گشتییەکاندا.
- دارشتنی پلانی ستراتیجی: ئامادەکردنی راسپاردە و نەخشەڕێگای کرداری بۆ گەشەپێدان.
- پێشخستنی کۆمەڵگە و حوکمڕانی: کارکردن بۆ سیستەمێکی حوکمڕانیی باشتر و کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووتر.
- ئایندەسازی بۆ نەوەکانی داهاتوو: دابینکردنی ژینگەیەکی لەبار بۆ گەشەی نەوەکانی داهاتوو.





هەماهەنگی و هاوکاریکردنی دامودەزگاکانی حکومەت، ڕێکخراوەکان، زانکۆکان و دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگە گرنگ وپێویستن. لەهەمانکاتیشدا، برەو بە هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ ناوەندەکانی توێژینەوە و خانەکانی بیر دەدەین، جا چ لەناوچەکە و هەرێم، یاخود لەسەر ئاستی عێراق و جیهاندابن.

## دامەزراوەی ڤیژن خوێندکاران هاندەدات ببنە توێژەری داهاتوو



رۆژی ١٣ای کانوونی دووەمی ٢٠٢٦ خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی زانکۆی سلێمانی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد و لەلایەن بەڕێوەبەری بەشەکانەوە پێشوازیکران و کار و بەرنامەی دامەزراوەکەیان بۆ روونکرایەوە. لە سەردانەکەدا بەڕێوەبەری بەشەکانی دامەزراوەی ڤیژن باسی قۆناغەکانی بەرهەمهێنانی توێژینەوەیان کرد و گرنگی توێژینەوەیان لە پڕۆسەی گۆڕین و دروستکردنی بڕیار بۆ خوێندکاران روونکردەوە، خوێندکارانیشیان هاندا وەک توێژەری سەرکەوتووی داهاتوو، هەر لە ئێستاوە هەوڵەکانیان بخەنەگەڕ.

## ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە و رۆڵیان لە داڕشتنی بڕیار لە هەرێمی کوردستان



لە ١٥ کانوونی دووەمی ٢٠٢٦ سەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتیمانیی کوردستان لە سەردانێکیدا بۆ دامەزراوەی ڤیژن، باسی لە کاریگەریی ناوەندەکانی توێژینەوە کرد و جەختیکردەوە کە دەبێت ئەو ناوەندانە پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامەزراوە هاوشێوەکانی عێراق بەهێز بکەن و گرنگی زیاتریان پێبدرێت. ئەم ناوەندانەشی وەك هۆکارێك بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی توێژینەوە و هێنانە ناوەوەی ئەزموونی جیهانی ناوبرد.

## ناوەندەکانی لێکۆڵینەوە رۆڵی گرنگ لە پرۆسەی داڕشتنی بڕیاردا دەگێڕن



رۆژی شەممە ٢٠٢٦/١/١٧، لە دامەزراوەی ڤیژن میوانداری بەکر فەتاح، باڵیۆز لە وەزارتی دەرەوەی عێراق کرا و گفتوگۆیەکی چڕ و بەرهەمدار لەسەر پەیوەندی نێوان سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوە لە هەرێمی کوردستان و دامەزراوە عێراقی و نێودەوڵەتییەکان کرا. لە گفتوگۆکەدا، سەرنج خرایە سەر ئەوەی چۆن ناوەندەکانی توێژینەوە دەتوانن رۆڵی گرنگیان هەبێت لە پڕۆسەی داڕشتنی بڕیارەکانی حکومەتدا، تایبەت بە دانانی سیاسەت و پلانە ستراتیجییەکان کە پەیوەندیدارن بە ژێرخانی کۆمەڵگا و گەشەپێدانی دامەزراوەیی.




# میوانداریيەکانی دامەزراوەی ڤیژن

## لقی بانکە تورکییەکان لە هەرێمی کوردستان دەکرێنەوە وەبەرهێنانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان زیاد دەکات



شاندێکی کۆمپانیاکانی تورکیا رۆژی (٢٠٢٦/١/١٩) سەردانی دامەزراوەی ڤیژنیان کرد و گەشبینی خۆیان لەبارەی دۆخی وەبەرهێنان و بازرگانی و گەشەکردنی ئابووری هەرێمی کوردستان، نیشاندا. سەرۆکی کۆمەڵەی پیشەسازان و خاوەنکارانی نێودەوڵەتی تورکیا باسی لە بەرەوپێشچوونی هەرێمی کوردستان کرد لەڕووی ئاوەدانکردنەوە ئاوەدانکردنەوە و گەشتوگوزار و کەرتی ئابورییەوە.

## لەڕێی پاڵپشتیکردنی پرۆژەی بچووکەوە هەوڵی چارەسەرکردنی بێکاری گەنجان دەدرێت



لە ٢٠٢٦/١/٢٥ پ.د سەعد عەبدولقەهار شێخ، بەڕێوەبەری رێگەپێدراوەی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ دارایی و بازرگانی سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کرد و باس لەو کێشە داراییەکانی سلێمانی و بێکاری گەنجان کرا. جەختیش کرایەوە کە هەردوولا لە داهاتوودا هاوبەشانە کار بکەن بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندن و پێشخستنی ئابوری سلێمانی لەڕێی واژۆکردنی لێکتێگەیشتنێکی هاوبەش لەنێوان هەردوو دامەزراوەکەدا.

## وەزیری بازرگانی: زانکۆکانی هەرێمی کوردستان پێویستییەکانی بازاڕ پڕ ناکەنەوە



لە ١ی شوباتی ٢٠٢٦ وەزیری بازرگانی و پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاشکرایکرد کە زانکۆکان پێداویستییەکانی بازاڕی کار پڕ ناکەنەوە و بەوهۆیەشەوە بەشێکی زۆر لە دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان بێکار ماونەتەوە. لە میانی سەردانێکیدا بۆ دامەزراوەی ڤیژن بەڕێز، کەمال موسلیم- وەزیری بازرگانی و پیشەسازیی حکومەتی هەرێمی کوردستان جەختی لەوەکردەوە کە پاڵپشتی لە بازرگانانی ناوخۆ کردووە لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان و هاوکاریان بوون، بەتایبەت لە ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ ناوچەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراقیش.





## لە داهاتوودا داتابەیسێکی چینی- کوردی دروست دەکرێت



رۆژی سێشەممە ٣ی شوباتی ٢٠٢٦ شاندێکی کۆمپانیاکان و ناوەندی کلتووری چین سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد و باسیان لە کاری هاوبەش و ئەنجامدانی توێژینەوە بە ئاراستەی خزمەتی زیاتری هەرێمی کوردستان کرد. شاندەکەی چین ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لە ئیستادا داتابەیسێکی چینی- عەرەبیان هەیە و دەشیانەوێت بە سوودوەرگرتن لە تواناکانی دامەزراوەی ڤیژن لە داهاتوودا داتابەیسێکی چینی- کوردی دروست بکەن.

## چارەسەرکردنی بێکاری و کۆچی گەنجان لەگەڵ کونسوڵخانەی بەریتانیا گفتوگۆکرا



لە ٣ی شوباتی ٢٠٢٦ هەریەك لە ئێما هێکس، سکرتێری دووەمی کاروباری داد و ناوخۆ و لەیال شاکر، راوێژکاری سیاسەتەکانی داد و ناوخۆ لە کونسوڵخانەی بەریتانیا سەردانی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجیان کرد. لە گفتووگۆیەکدا نوێنەرانی کونسوڵخانەی بەریتانیا باسیان لە کێشەی چوونی پەنابەرانی نایاسایی کرد بۆ وڵاتەکەیان و ئاماژە بۆ ئەوەکرد کە رێژەی کۆچبەران لەتوانای وڵاتەکەیان تێپەڕیوە .

## ڤیژن و سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی لە ئامەد کار لەسەر پرسی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان دەکەن



رۆژی شەممە، ٢٠٢٦/٢/١٤، شاندێکی سەنتەری لێکۆڵینەوەی کوردی کە پێکهاتبوون لە ریحا روهاڤی ئۆغلو، سەرۆکی سەنتەرەکە و رۆژ گیراسۆن، سەرۆکی سەنتەری توێژینەوەی رەوێست، سەردانێکیان بۆ دامەزراوەی ڤیژن ئەنجامدا. لە گفتوگۆیەکدا و باس لەو توێژینەوە و پرۆژانە کرا کە سەنتەرەکە لە تورکیا و باکوری کوردستان تایبەت بە پرسی کورد و پێویستییەکانیان لەناو تورکیا لەڕووی زمان و جوگرافیا و پەروەردە و پرۆسەی ئاشتی ئەنجامیانداوە.

## هەماهەنگی نێوان ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کێشە ئابورییەکانی هەرێم لە ڤیژن باسکران



ڕۆژی دوشـەممە، ٢٠٢٦/٢/١٦، هەریـەك لـە جوتیـار نـوری، ئەندامـی ئەنجومەنـی بـاڵای سیاسـی و بەرژەوەندیـی یەکێتیـی نیشـتیمانیی کوردسـتان و سـەرکەوت شـەهید حەمـە غەفـور، ئەندامـی ئەنجومەنـی پشـتیوانی یەکێتـی سـەردانی دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی ستراتیجیان کـرد و لەسـەر چەنـد پرسـێکی گرنـگ گفتوگۆکـرا. لـە گفتوگۆکانـدا بـاس لـە گرنگـی هەماهەنگـی نێـوان ڕێکخـروەکانـی کۆمەڵـگـەی مەدەنـی کـرا، کێشـە داراییـەکان و دەرفەتەکانـی بەهێزکردنـی ئابـوری هەرێمـی کوردسـتانیش بەشـێکی دیکـەی گفتوگۆکان بوو.

## ڤیژن و ئەکادیمیای زانستی روسیا کار لەسەر ئاسایشی ئاو و ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر دەکەن




لـە ١٨ـی شـوباتی ٢٠٢٦ شـاندێکی ناوەنـدی لێکۆڵینـەوەی ڕۆژهەڵاتـی ئەکادیمیـای زانسـتی روسـیا سـەردانی دامـەزراوەی ڤیـژنـی کـرد، چەنـد پرسـێکی گرنـگ و هاوبەشـی کارکـردن و گۆڕانکارییەکانـی ئێسـتای ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و جیهانیـش باسـیان لێوەکـرا. شـاندەکە بـە سـەرۆکایەتی د. نیکـۆڵای پلۆتینکـۆڤ سـەردانەکەیان ئەنجامـدا، لـە گفتوگۆکـەدا، دامەزراوەی ڤیژن شێوازی کارکردن و سیاسەتی دامەزراوەکەی بۆ شاندەکە خستەڕوو.

## دۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و عێراق لە گرژییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تاوتوێکران




ڕۆژی سێشـەممە، ٢٠٢٦/٣/١٧ زوهەیـر جەزائیـری، نووسـەر و چیرۆکنووسـی بەئەزموونـی عێراقـی و ڕەحمـان غەریـب ڕێکخـەری سـەنتەری میتـرۆ سـەردانی دامـەزراوەی ڤیژنیـان کـرد و چەنـد بابەتێکـی گرنـگ باسـیان لێوەکـرا. لەسـەرەتای دانیشـتنەکەدا ئەندامانـی ئەنجوومەنـی بەڕێوەبردنـی دامـەزراوەی ڤیـژن؛ باسـیان لـە کار و چالاکـی و بەرهەمەکانـی دامەزراوەکـە کـرد و ئامانـج و ویسـتی دامەزراوەکەیـان بـۆ خزمەتکردنـی هەرێمـی کوردستان و ناوچەکە خستەڕوو.





## هەماهەنگی و پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان دامەزراوەکانی توێژینەوەی هەرێم و بەغدا جەختیان لێکرایەوە




ڕۆژی چوارشـەممە، 2026/3/25 سـەرۆکی دامـەزراوەی نەرامسـین بـۆ دیالـۆگ و گەشـەپێدان لـە بەغـدا سـەردانی دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی کـرد و چەنـد پرسـێکی پەیوەسـت بـە سـەنتەرەکانی توێژینـەوە و کاریگەرییەکانیـان باسـیان لێوەکـرا. لـە کۆبوونەوەیەکـدا د.حەیـدەر بەرزنجـی، سـەرۆکی دامـەزراوەی نەرامسـین و شـاندی دامـەزراوەی ڤیـژن باسـیان لـە پەیوەندیـی نێـوان دامەزراوەکانـی هەرێـم و بەغـدا کـرد و جەختیـان لـە بەهێزکردنـی هەماهەنگـی و پەیوەندییەکانـی نێـوان هـەردوو دامەزراوەکـە کـردەوە. باسـیش لـە کاری پێکەوەیـی و ئەنجامدانـی پـرۆژەی هاوبـەش لەنێوان هەردوو دامەزراوەی نەرامسین و ڤیژن کرا.

## بریکاری وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان سەردانی دامەزراوەی ڤیژنی کرد




لـە ڕۆژی چوارشـەممە 2026/3/25، د.ڕەهێـڵ فەرەیـدون بریکاری وەزارەتـی تەندروسـتی لـە میانـەی سـەردانێکیدا بـۆ دامـەزراوەی ڤیـژن، باسـی لـە دۆخـی کەرتـی تەندروسـتی کـرد و پێداویسـتییەکانی نەخۆشـخانەکانی لـە دامەزراندنـی پزیشـک و کارمەنـد و دابینکردنـی ئامێـری پزیشـکی و دەرمـان ڕوونکـردەوە. لـە دانیشـتنەکەدا، بریـکاری وەزارەتـی تەندروسـتی باسـی لـە گرنگـی هەموارکردنـەوەی چەنـد یاسـایەکی تایبـەت بـە کەرتەکـە کـرد بەتایبـەت یاسـای وەزارەتـی تەندروسـتی و بـە یاسـاییکردنی بیمـەی تەندروسـتی لـە هەرێمی کوردستان.

## بەرەو هاوبەشییەکی ستراتیجی؛ ڤیژن و دیدگا ئەید پەرە بە هەماهەنگییە زانستییەکانیان دەدەن




لـە ڕۆژی شـەممە 2026/3/28 دامـەزراوەی ڤیـژن بـۆ لێکۆڵینـەوەی سـتراتیجی میوانداریـی شـاندێک لـە دەزگای ڤیـژن ئەیـد (دیـدگا ئەید)ـی کـرد. لـە دانیشـتنێکدا ژمارەیـەک لـە بابەتـە گرنگـەکان پەیوەندیـدار بـە پەرەپێدانـی هاوکارییـەکان و دروسـتکردنی چوارچێوەیەکـی کارکردنـی هاوبـەش تاوتوێکـران. هـەردوو لایـەن هـاوڕا بوون لەسـەر گرنگـی دروسـتکردنی چوارچێوەیەکـی فەرمـی بـۆ هـاوکاری، لـە ڕێگـەی واژۆکردنـی لێکتێگەیشـتنی هاوبـەش (MoU)، بـۆ ڕێکخسـتنی کارکـردن لەسـەر پـڕۆژە و توێژینـەوە زانسـتییەکان لـە داهاتوودا.



# سەردانەکانی دامەزراوەی ڤیژن





## دامەزراوەی ڤیژن و بنکەی ژین داوای دروستکردنی فیدراسیۆنێکی کەلتوری و رۆشنبیری دەکەن

رۆژی 13ی کانوونی دووەمی 2026 دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ بنکەی ژین باسیان لە گرنگی کۆکردنەوەی رێکخراو و بنکە و ناوەندە رۆشنبیرییەکان کرد لە فیدراسیۆنێکی یەکگرتودا بۆ رێکخستنەوەی کارەکانیان و رووبەڕووبونەوەی ئەو کێشە یاساییانەی دێتە بەردەمیان. لە کۆبوونەوەیەکدا کە لە بنکەی ژین بەڕێوەچوو، باس لەو رێگرییە یاساییانە کرا کە ناوەند و بنکە رۆشنبیری و کەلتورییەکان دێتە بەردەمیان بۆ تۆمارکردنیان لەسەر وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە داهاتوودا دەبێتە مەترسیی بۆ سەر داخستنی ئەو بنکە و ناوەندە رۆشنبیرییانە.





## دامەزراوەی ڤیژن پیرۆزبایی دامەزراندنی کەناڵ 8 دەکات

لە 18ی کانوونی دووەمی 2026 بۆ پیرۆزبایی دوو ساڵەی دامەزراندنی کەناڵ 8، شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن سەردانی ئۆفیسی سەرەکیی کەناڵەکەیان کرد لە شاری سلێمانی. لە کۆبوونەوەیەکدا، گفتوگۆیەکی هاورێیانە لە نێوان هەردوولا کرا، پیرۆزبایی دامەزراوەی ڤیژنیش پێشکەشی ئیدارەی کەناڵ 8 کرا.



## ڤیژن کۆنفرانسێکی بەرفراوان بۆ گەشەپێدانی ئیدارەی راپەرین ئەنجام دەدات

دامەزراوەی ڤیژین ئامادەکاریی دەکات بۆ ئەنجامدانی دیدارێکی گرنگ تایبەت بە پرسی گەشەپێدانی ئیدارەی راپەڕین، سەرپەرشتیاری ئیدارەکەش ئامادەیی بۆ هاوکاری و هەماهەنگی دەربڕی. رۆژی سێشەممە، 2026/2/3، شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن سەردانی هیوا قەرەنی، سەرپەرشتیاری ئیدارەی راپەڕینیان کرد و باسیان لە دروستکردنی پەیوەندی کرد لەنێوان دامەزراوەکە و دامودەزگاکانی حکومەت و ئیدارەی راپەڕین.




## دامەزراوەی ڤیژن کار لەسەر بەهێزکردنی ئابووری شاری سلێمانی دەکات

رۆژی 2026/2/22، ئەندامانی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڤیژن، لەسەر داوای بەڕێز نەوزاد غەفور سەردانی ژووری بازرگانی و پیشەسازییان کرد و لە دانیشتنێکدا باسیان لە ئامادەکارییەکان کرد بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە. لە کۆبوونەوەیەکدا باس لە ئەنجامدانی هەماهەنگیی هەردوولا کرا بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی ورد و کاریگەر لەسەر کەرتی ئابووریی شارەکە و ژووری بازرگانی و پیشەسازیی سلێمانیش دڵنیاییاندا، لە دابینکردنی زانیاری و کارئاسانی مەیدانی بۆ تیمەکانی توێژینەوەی دامەزراوەکەمان.








## وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار: پێویستە ناوەندەکانی توێژینەوە هاوشێوەی ڤیژن کار لەسەر گەیاندنی پێویستییەکانی هاوڵاتییان بکەن

رۆژی سێشەممە، 2024/2/24 دامەزراوەی ڤیژن لە شاری هەولێر لەگەڵ بەڕێز ساسان عەونی، وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزاری هەرێمی کوردستان و بریکارەکەی بەڕێز چالاك وەسفی (چالاکی موهەندیس) کۆبوونەوە و باس لەو کار و توێژینەوانە کران کە دامەزراوەی ڤیژن تایبەت بە شارەوانییەکان و سمارت سیتی و گەشەدان بەم تەکنەلۆجیا ئەنجامیانداوە. کاراکردنەوەی ئەنجوومەنی شارەوانییەکان و گەیاندنی داواکارییەکانی هاوڵاتییان بە بەرپرسان و کارکردن بە راسپاردە ی توێژینەوەکان، لە کۆبوونەوەکەدا باسیان لێوەکرا.



## دامەزراوەی ڤیژن و وەزارەتی کشتوکاڵ کار لەسەر بەرەوپێشبردنی کەرتی ئاو و کشتوکاڵ دەکەن

رۆژی سێشەممە، 2026/2/24 ئەندامانی بۆردی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی لەگەڵ بەڕێز بێگەرد تاڵەبانی، وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو کۆبوونەوە و گفتوگۆیەکی بەرهەمدار و گرنگیان لەبارەی کاری هاوبەش و گرنگیی کەرتی ئاو و کشتوکاڵی هەرێم و چۆنیەتی بەرەوپێشبردنیان ئەنجامدا. وەزارەتی کشتوکاڵ لەکۆبوونەوەکە دا ئامادەیی بۆ هاوکاری هەماهە نگی و پشتیوانی دامەزراوەی ڤیژن دەربڕی.



## ڤیژن و کونسوڵخانەی گشتی کۆریای باشوور گفتوگۆی پرۆژە هاوبەشەکانیان کرد

رۆژی چوارشەممە، 2025/2/25، دامەزراوەی ڤیژن لەلایەن بەڕێز سیۆنگ چۆل لیم، کونسوڵی گشتی کۆریای باشوور پێشوازی لێکرا و کۆمەڵێك پرسی گرنگ باسیان لێوە کرا. لە درێژەی سەردانی ئەندامانی بۆردی بەڕێوەبردنی دامەزراوەی ڤیژن بۆ شاری هەولێر، کۆبوونەوەیەك لەگەڵ کونسوڵی گشتی کۆریای باشور بەڕێوەچوو، باس لە کاری رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە هەرێمی کوردستان و پشتگیری کۆریای باشور بۆ ئەو دامەزراوانە کرا.



# سیمینار و گفتوگۆ کراوەکانی دامەزراوەی ڤیژن



## تۆێژینەوەیەکی ڤیژن: دەتوانرێت لەماوەی پێنج ساڵدا خەرجیی چارەسەری نەخۆشی بەرێژەی 50٪ کەمبکرێتەوە



دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی رۆژی چوارشەممە 2026/1/14 توێژینەوەیەکی لەبارەی بیمەی تەندروستیی لە هەرێمی کوردستان بڵاوکردەوە، لە توێژینەوەکەدا رێگەچارەی کەمکردنەوەی خەرجیی چارەسەری نەخۆشی لەلای هاوڵاتییان لە 70٪وە بۆ 20٪ دەخاتەڕوو. لە توێژینەوەکەدا کە ئەنجامەکەی لە گفتوگۆیەکی کراوەدا خرایەڕوو، باس لە بنیاتنانی دامەزراوەیەکی نیشتمانی و پاڵپشتیی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان دەکات بۆ دامەزراندنی سیستمێکی بیمەی تەندروستی، بەجۆرێک بتوانرێت چاودێری و کۆنترۆڵی بیمەی تەندروستی بکات لە هەردوو کەرتی گشتی و تایبەتدا.

## ژنان لە پیاوان زیاتر رووبەڕووی بێکاری بوونەتەوە



لە چوارچێوەی کۆڵینەوە لە دۆخی رەخساندنی هەلیکار بۆ ژنان و ئەو ئاڵنگاریانەی رووبەڕوویان دەبێتەوە، دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، رۆژی پێنجشەممە 2026/1/15، مێزگردێکی بۆ پسپۆڕان و لایەنە پەیوەندیدارەکان رێکخست. بەشێک لە بەشداربووانی مێزگردەکە هۆکاری بێکاریی ژنانیان بۆ ژن بوون و تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ رەگەزی مێینە گەڕاندەوە، هاوڕاشبوون لەسەر کەمیی رێژەی کارکردنی ژنان بەراورد بە پیاوان لە هەرێمی کوردستاندا.

## پێویستە نوسینگەکانی حەواڵەی دراو بەشێوەیەکی یاسایی تۆمار بکرێن




بەهۆی نەبوونی متمانە بە بانکەکان، ئاڵوگۆری ئەلیکترۆنی جێگەی حەواڵەی نەگرتووەتەوە بەهۆی ئەو کێشانەی لە حەواڵەی پارە لەڕێگەی نوسینگەکانی ئاڵوگۆڕی دراو دروست دەبن، پێشنیار دەکرێت کاری نوسینگەکانی حەواڵە رێکبخرێنەوە و بە یاسایی تۆمار بکرێن. ئەم پێشنیازە و زیاتریش لە 2026/1/21 لە توێژینەوەیەکی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بە ناونیشانی (حەواڵە و سیستمەکانی گواستنەوەی دراوی نافەرمیی، کاریگەریی یاسایی و ئاسایش بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق) بڵاوکرایەوە.

## یاسای ئەنجومەنی شارەوانییەکان لە گفتوگۆیەکی ڤیژندا: پێویستە ڕۆڵی ئەنجومەنی شارەوانییەکان بەهێز بکرێتەوە

ڕۆژی پێنجشەممە، 2026/1/22 بە ئامادەبوونی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی و چەندین لایەنی دیکەی پەیوەندیدار، گفتوگۆیەکی کراوە لە دامەزراوەی ڤیژن بە ناونیشانی (چالاککردنەوە و هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی شارەوانییەکان) بەڕێوەچوو، تێیدا تەواوی ڕێگری و بەربەستەکانی بەردەم کاری شارەوانییەکان و ڕێگاکانی چارەسەری کێشەکان تاوتوێ کران. لە گفتوگۆکاندا باس لە پێویستی هەموارکردنەوەی یاسای بەڕێوەبردنی شارەوانییەکان و ڕۆڵدانەوە بەشارەوانییەکان کرا بۆ خزمەتی زیاتری هاوڵاتییان.



## عێراق لەبەردەم قەیرانی ئابووریدا؛ هەمەچەشنەکردنی داهات و کەمکردنەوەی پشتبەستن بە نەوت ڕێگای ڕزگاربوونە

ڕۆژی چوارشەممە، 2026/1/28 لە دامەزراوەی ڤیژن بە هاوبەشی لەگەڵ پەیمانگای تەکنیکی کوردستان گفتوگۆیەکی کراوە بەڕێوەچوو، چەندین پێشنیازی جیاواز و گرنگ خرانەڕوو کە دەکرێت ببنە سەرەتایەك بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوورییەکانی عێراق و هەرێمی کوردستان. لە گفتووگۆکەدا ئاماژە بۆ ئەوەکرا کە لەجێی نەوت، گرنگە لە عێراق و هەرێمی کوردستانیش هەولبدرێت کەرتەکانی دیکە گرنگیان پێبدرێت، چ لەڕووی کشتوکاڵەوە بێت یاخود گەشتیاری و بازرگانی و بە وردی باسیان لەو ڕێگایانە کرد کە دەکرێت لەڕێیەوە داهات زیادبکرێت.









## ئایندەی پێگەی کورد لە گفتوگۆیەکی ڤیژندا

ڕۆژی پێنجشەممە، 2026/2/5 لە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی گفتوگۆیەکی کراوە بە ناونیشانی (ئایندەی پێگەی کورد لە عێراق) بەڕێوەچوو، جەخت لە یەکریزی کورد لە ناوخۆ و لەسەر ئاستی عێراق کرایەوە و هۆشداریش درا ئەگەر سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم بەمشێوەیە بەردەوام بێت، تەنها درێژەدان دەبێت بە دۆخەکە و هیچ و بەرەوپێشچوونێك بەدینایەت. لە گفتوگۆکاندا ئەوە خرایەڕوو کە لەئێستادا پرسی کورد گۆڕاوە بۆ کێشەی مووچە و بودجە و کەمترین کار بۆ ماددەی 140 و جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوری عێراق پەیوەست بە کورد کراوە.



## پرۆگرامێکی دیکەی چاوی کراوە تایبە بە دۆخی زیندانیانی چاکسازییەکان ڕاگەیەنرا

لە 12ی شوباتی 2026 پرۆگرامێکی دیکەی چاوی کراوە ڕاگەیەنرا، بەڕێوەبەری چاکسازی کۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستانیش ئاماری کار و چالاکییەکانی ساڵی ڕابردووی ئاشکرا کرد و بەوپێیە ساڵی ڕابردوو زیاتر لە هەشت هەزار کەس بەندکراون و لەمساڵیشدا ژمارەی سزادراون نزیکەی شەش هەزار کەسن . لەو گفتوگۆیەی کە کراودا ژمارەیەکی بەرچاو لەلایەنی پەیوەندیدار و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکان بەشداریان تێداکرد و پێشنیار و سەرنجەکانیان خستەڕوو.

## گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد لە کارێکی هاوبەشی دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی سلێمانیدا

دووشەممە 2026/2/23 لە پانێڵێکی زانستیدا کە بە هاوبەشی دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی سلێمانی ئەنجامدرا، باس لە سەردەمە جیاوازەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی، سەرچاوەی دروستبوونی ئەم شێوازەی ناسیۆنالیزم و پەیوەندیی نێوان فیدراڵیزم و ناسیۆنالیزم کرا. لە پانێڵەکەدا گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد باسی لێکرا، تێیدا جەخت لە گرنگی مانەوەی گوتاری ناسیۆنالیزمی کوردی لە سەردەم و دۆخە جیاوازەکاندا کرایەوە، لەگەڵ ئەوەی دەستکەوتە کاتییەکان پارێزگارییان لێبکرێت.



## پێویستە هەرێمی کوردستان بێلایەنی خۆی بپارێزێت و لە گرژییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێوەنەگلێت

رۆژی چوارشەممە، 2026/3/4 لە دامەزراوەی ڤیژن، ژمارەیەکی بەرچاو لە شارەزایانی سەربازی و سیاسی و کەسانی ئەکادیمی کۆبوونەوە، بۆ تاوتوێکردنی دۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئایندە و رۆڵی کورد و هەرێمی کوردستان لەم گۆڕانکارییەکاندا. لە بەشێکی گفتوگۆ کراوەکەدا دیدگا و بۆچوونی جیاواز لەسەر مامەڵەکردن خرانەڕوو، زۆرینە کۆکبون لەسەر ئەوەی کە لایەنی کوردی دەبێت بە وریاییەوە چاودێری بکات و بەرژەوەندییەکانی هەرێمی کوردستان لەسەرو هەموو بەرژەوەندییەکان دابنرێت.





سیمینار و گفتوگۆ کراوەکانی دامەزراوەی ڤیژن



## پێویستە دامەزراوەکانی توێژینەوە و دەزگا میدیاییەکان هەماهەنگی زیاتریان هەبێت

لە 19ی شوباتی 2026 گفتوگۆیەکی کراوە بە ناونیشانی (هەماهەنگی سەنتەری توێژینەوە لەگەڵ میدیاکان) لە ڤیژن بەڕێوەچوو، لەگەڵئەوەی ئاستەنگەکانی ئەمڕۆی بەردەم میدیای کوردی باسکران بەرچاو ڕوونییەکیش لەبارەی هەنگاوەکانی هەماهەنگیکردنی میدیاکان و دامەزراوەکانی لێکۆڵینەوە خرانەڕوو. تیشکخرایە سەر لاوازی ئاستی هەماهەنگی نێوان میدیاکان و توێژەران لە بڵاوکردنەوەی دەرئەنجام و داتای توێژینەوەکان کە بەشێکی زۆریان هەنگاوێکن بۆ چارەسەری کێشە گەورەکانی کۆمەڵگا.



## بێلایەنیی عێراق و هەرێمی کوردستان لە جەنگی ئەمریکا و ئیسرائیل بەرامبەر ئێران لەژێر پرسیاردایە

رۆژی 2026/3/12 دامەزراوەی ڤیژن گفتوگۆیەکی کراوە، بە ئامادەبوونی پسپۆڕ و شارەزایانی سەربازی و سیاسی و بە بەشداری ناوەندەکانی لێکۆڵینەوەی رواق و نەهرەین لە بەغداد و ناوەندی لێکۆڵینەوەی رووداو لە هەولێر و ناوەندی لیکۆڵینەوەی هەرێمی لە زانکۆی موسڵ لە رێگەی زوومەوە، ئەنجامدا. لە گفتوگۆکەدا جەختکرایەوە، کە بژاردەی بێلایەنی کە ئێستا لەلایەن عێراق و هەرێمی کوردستانەوە باسی لێوەدەکرێت، تەنها لەچوارچێوەی راگەیەندراودایە، چونکە عێراق و هەرێمی کوردستان پەلکێشدەکرێتە ناو ئەم جەنگەوە بەبێ ویستی خۆی.




# یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن



## یاداشتنامەی لێکتێگەیشتن لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن و زانکۆی ڕاپەڕین واژۆ کرا



دامەزراوەی ڤیژن لەگەڵ سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەرین باسیان لە کێشەی بێکاری گەنجان و ژێرخانی ئابووری ناوچەکە کرد؛ ئەو هەنگاوانەشیان تاوتوێ کرد کە ڕۆڵی دەبێت لە دۆزینەوەی چارەسەر. سێشەممە، 2026/2/3 شاندێکی دامەزراوەی ڤیژن سەردانی سەرۆکایەتی زانکۆی ڕاپەڕینی کرد و لە گەڵ بەڕێز پ.ی.د پەیمان ڕەمەزان، سەرۆکی زانکۆکە کۆبوونەوە و گفتوگۆیان لەبارەی چەند پرس و کێشەیەك لە ناوچەکە کرد.

## دامەزراوەی ڤیژن و دامەزراوەی کەریمی عەلەکە کار لەسەر کۆچی دەستەبژێران دەکەن



ڕۆژی چوارشەممە 2026/3/25 ڕێککەوتننامەیەك لەنێوان دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی و دامەزراوەی کەریمی عەلەکە واژۆ کرا، بڕیارە هەردوو دامەزراوەکە بە شێوەیەکی زانستی و ئەکادیمیانە چەند کارێك لەبارەی دیاردەی کۆچی دەستەبژێران (کۆچی هزر) ئەنجام بدەن. لەدوای کۆبوونەوەیەك لەگەڵ سەرۆك و ئەندامانی دامەزراوەی کەریمی عەلەکە؛ هەردوولا ڕێککەوتنێکیان واژۆ کرد کە تایبەتە بە ئەنجامدانی چوار توێژینەوەی هاوبەش و بەڕێوەبردنی کۆنفرانسێك لەبارەی کۆچکردنی دەستەبژێران.

## دامەزراوەی ڤیژن و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە کاری پێکەوەیی دەستپێدەکەن



ڕۆژی سێشەممە، 2026/2/24 لە دیوانی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن لەنێوان بەڕێز دانا عەبدولکەریم، وەزیری ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێکردن و عەدنان عوسمان، سەرۆکی دامەزراوەی ڤیژن واژۆ کرا. لە کۆبوونەوەیەکیشدا گفتوگۆی کار و پڕۆژەی هاوبەش و هەماهەنگی نێوان دامەزراوەکانی حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی کرا بە ئامانجی خزمەتی زیاتری هەرێمی کوردستان.

# نوێترین لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی ڤیژن

دامەزراوەی ڤیژن بۆ توێژینەوە ستراتیجییەکان، کۆمەڵێک توێژینەوەی تازەی بڵاوکراوە لەگەڵ زنجیرەیەک راپۆرت و بابەت پێشکەش دەکات کە بابەتی گرنگ لە بواری سیاسەت، ئاسایش، ئابووری، و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستان و عێراق دەگرێتەوە. ئەم بڵاوکراوانە ئامانجیان پەروەردەکردنی گفتوگۆی ئاگادارانە و تێڕوانینێکی ستراتیژییە بۆ داڕێژەرانی سیاسەت و خەڵکی فراوانتر.

نەخشەڕێگای ستراتیجی بۆ پەرەپێدانی ژێرخانی چەمچەماڵ




پەیوەندییەکانی کەنداو و هەرێمی کوردستان




حەواڵە و سیستەمەکانی گواستنەوەی پارەی نا فەرمی




Hawala And Informal Money Transfer Systems Regulatory and Security Implications




Regulatory, Environmental, and Economic Perspective on pesticide Importation




Health Insurance Initiative A Sustainable Solution for Equity




الحوالة وأنظمة تحويل الأموال غير الرسمية الآثار التنظيمية والأمنية




Health Insurance Initiative A Sustainable Solution for Equity








## پلان و چالاکییەکانی داهاتووی دامەزراوەی ڤیژن

**• بەهێزکردنی کۆمەڵی کەمینەکان**


وەک بەشێک لە پابەند بوونمان بە پەروەردەکردنی کۆمەڵگە گشتگیرەکان، دامەزراوەی ڤیژن کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ماف و خۆشگوزەرانی گروپە کەمینەکان لە ڕێگەی دەستپێشخەرییە تایبەتمەندەکانەوە. بەرنامەکانی داهاتوومان بەهێزکردنی پێگەی کەمینەکان لە ڕێگەی پێشخستنی بەشداری چالاکانەیان لە پرۆسەکانی بڕیاردان لە پێشینەی کارەکانمانە. ئەم دەستپێشخەرییانە بریتی دەبن لە وۆرک شۆپەکانی بنیاتنانی توانا،هەڵمەتەکانی داکۆکیکردن، و پلاتفۆرمی گفتوگۆی کراوە، دڵنیابوون لەوەی کە دەنگی کەمینەکان بڵند بێت و بە شێوەیەکی کاریگەر پێداویستییەکانیان چارەسەر دەکرێن.

**• لامەرکەزی و حوکمڕانی ناوخۆیی**

دامەزراوەی ڤیژن چالاکانە کاردەکات بۆ پێشخستنی لامەرکەزی وەک بەردی بناغەی حوکمڕانی باش وگەشەپێدانی کۆمەڵ. دەستپێشخەرییەکانی داهاتوومان لەسەر بەهێزکردنی تواناکانی دەسەڵاتە ناوخۆییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی دەبێت، کە بتوانن ئەو سیاسەتانە جێبەجێ بکەن کە پێداویستیی جیاوازی کۆمەڵەکانیان دابین بکات. بە پەرەپێدانی بڕیاردانی گشتگیر و باشترکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری، هەوڵەکانی لامەرکەزیمان بەشدار دەبن لە لێپرسینەوەی زیاتر، گەشەپێدانی دادپەروەرانە وبەهێزکردنی گروپە پەراوێزخراوەکان.

**• پڕۆژەکانی بەردەوامیی ژینگەیی**

بە دانان بە یەکتربڕینی گرنگ لە نێوان بەردەوامیی ژینگەیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ، دامەزراوەی ڤیژن زنجیرەیەک پڕۆژە ئامادە دەکات کە ئامانجیان چارەسەرکردنی ئاستەنگە ژینگەییەکانە. ئەم پڕۆژانە سەرنج دەخەنە سەر هۆشیاری سەبارەت بە گۆڕانی کەش وهەوا،پێشخستنی پراکتیزە بەردەوامەکان، و دەستپێشخەرییە ژینگەییەکانی ئاراستەکردنی کۆمەڵ. لە ڕێگەی پەروەردە، داکۆکیکردن و هەوڵە هاوبەشەکانەوە، دامەزراوەی ڤیژن هەوڵدەدات سەرچاوە سروشتییەکان بپارێزێت و ژینگەیەکی تەندروستتر بۆ هەمووان دروست بکات، بە گرنگیدانی تایبەت بە دانیشتوانی لاواز و پەراوێزخراو.



**• دەرفەتی توێژەر**

دامەزراوەی ڤیژن دەرفەت بۆ توێژەران دەڕەخسێنێت کە بەشداری لە پڕۆژەی جۆراوجۆردا بکەن. کەسانی ئارەزومەند هان دەدرێن داواکاری پێشکەش بکەن.



**• بانگەواز بۆ خوێندکارانی زانکۆ**

بانگەوازێک بۆ خوێندکارانی زانکۆ ڕاگەیەندرا کە ویستی بەشداریکردن لەدەستپێشخەرییەکانی دامەزراوەی ڤیژن دەکەن. وردەکارییەکان لە ماڵپەڕی دامەزراوە بەردەستە.



## کۆتایی: پێکەوە بۆ ئایندەیەکی گەشتر

لە کۆتایی ئەم نامیلکەیەدا، دووپاتی دەکەینەوە کە دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی بەردەوام دەبێت لە هەوڵەکانی بۆ بەهێزکردنی کۆمەڵگە و پەرەپێدانی چارەسەری نوێ بۆ ئاڵنگارییەکان. ئێمە باوەڕمان وایە کە بە هاوکاری و هەماهەنگی هەموو لایەک، دەتوانین ئایندەیەکی گەشتر و بەهێزتر بۆ ناوچەکەمان و نەوەکانی داهاتوو بنیات بنێین. سوپاس بۆ پشتیوانی و متمانەتان. پێکەوە، کاریگەری دروست دەکەین.

لە قۆناغی داهاتوودا، کار لەسەر بەهێزکردنی گفتوگۆ وتوێژینەوە دەستووری، ئابووری، دارایی و کۆمەڵایەتییەکان دەکەین لە ناوچەکە و هەرێمی کوردستان . لەپاڵ هەوڵەکانی دامەزراوەکانی تر، هەوڵدەدەین رۆڵێکی کارا بگێڕین لە گەشەپێدان و دۆزینەوەی چارەسەری گونجاو و سەردەمیانە بۆ سەرجەم ئەو ئاڵنگارییانەی رووبەڕووی کۆمەڵگەکەمان دەبنەوە.

ئاستی هەماهەنگی و پێکەوە کارکردن بەرز دەکەینەوە بۆ بەهێزکردنی هەرێمەکەمان، دامودەزگاکان و پەرەپێدانی گەشەسەندن، وەبەرهێنان و بووژانەوە. ئەم هەماهەنگییە رۆڵی سەرەکی دەبێت لە بەهێزکردنی تواناکانمان و دیاریکردنی ئایندەیەکی گەشتر .

Vision Foundation
for Strategic Studies

له پەیوەندیدا بن لە گەڵمان.

www.visionfoundationiq.org | info@vfssiq.org

visionfoundationiq |

عێراق، سلێمانی، شەقامی سەعید کابان، خانوی ژمارە 28